# کارێک بکە..

محەمەد فائق
(دەربەندیخان)

**کارێک بکە..**
با جیهان سەری لێ نەشێوێت،
هەناسەیەک بدە و (با) دڵی بەخۆی خۆش بێت.
سڵاو لە ئیختیارێک بکە و
با ئایین و مێژوو ئاشت ببنەوە.
**مۆرەکیژ..**
بەیانیان ستیانەکەت بدە بەر خۆر
با کەون لە بۆنی پیسیی مرۆڤدا نەخنکێت.
چاوی خۆت لە ڕستەیەکی پرسیاردا جێهێڵە،
با بەشەر هێندە دیکارت بە نەفرەت نەکەن،
با نیگایان پڕبێت لە نەعنای گومان.
**کارێک بکە..**
بۆ نموونە: لەسەر قەدی درەخت شەرحی پاییز بۆ
بەهار بکە،
با خۆی لێ بایی نەبێت.
لە جۆگەی قەراغ جادەکاندا داو داو مێخەکەکەت
هەڵوەرێنە، با شەقام وانەزانێت جوانیی لەبیری
کردووە.
**زۆر شت هەن تۆ بیانکەیت..**
من تۆبم، قافیە لە مامۆستا و شیعر دەستێنمەوە
و دەیدەم بە گورگ،
تا ئیستێ لە جوگرافیای عاقڵبووندا بدات.
سووریی لە خوێنی ڕژاو دەستێنمەوە و لە
ڕۆمانێکدا دەیدەمەوە بە گوڵاڵە،
با تاقە مێژووی هەر شیعر نەبێت.
پێشمەرگە بخەرەوە بەر چاویلکەی ڕێزمان،
با لەو پاشگرە عەبەسییە ڕزگاری ببێت.
ئەو بوغزە لە ئێوارە داماڵە کە گەرووی عاشقان



توند دەکات.
ئاههە دەهەستە نازەنین
ڤیلۆنەکەت هەڵگرە و بەتەنیشت ئەم زمسانەوە
عەزفێک بکە،
ئینسان، خەتەر کەوتووەتە زەمهەریرەوە... خەتەر
تەنهاکەوتووە خەتەر!
من تۆبم، ناهێڵم شەوی غەریبان دابێت،
ساڵی سەد جنێو بۆ شەوی یەڵدا دەبڕمەوە و
خاڵی دەکەمەوە لە غروورى درێژترین
مرۆڤ فێر بکە بەر لە دەستبردن بۆ ژیان نینۆکی
بکات،
فەسڵەکانی پڕکرد لە زبڵ بەو دەستانە.
**کەنی باوانت ئاوا..**
زۆر شت بەبێ تۆ مانایان نییە،
کارێک بکە... پێبکەنە...
بڕوات هەبێ گریان دڵی لێمان دەشکێ ئیتر
گۆرانی بڵێ، سیگار پێ بکە و وێنەیەک بگرە
ئەو وێنەیەت میهرەبانی لە دڵی دیکتاتۆرەکانیشدا
سەوزدەکاتەوە.
**زۆر شت ماون کاڵەکیژ..**
زۆر شتی سادە ماون بیانکەیت،
مۆچیارییەکی کتێبەکانی کافکا دەکەیت و
بە عیشوەوە لە پەراوێزدا دەنووسیت: ناشرین!
ژیانت ناخۆش کرد،
تۆ یا خودا نەناسیت، یان ژن؟
لە قەراغ ئاودا دەفتەری خنکان دەخوێنیتەوە و
ماسی و شاعیر لە میهرەبانی ئاو دەخەیتە گومانەوە.
سەرلەنوێ نەخشەکان تێک دەدەیت،
وادەکەیت چیتر سەفەر دوور نەبێت..
وابکە ماڵئاوایی بایی نقووڵێک ئیفتیخاری بۆ
بمێنێتەوە..
**تۆ دەتوانیت..**
گوڵێک لە شیعردا تەوزیف بکەیتەوە و کەون
لەبۆنی نغرۆبێت،
دەتوانیت سێو لە یادەوەریی ئادەم و هەڵەبجەدا
بکەیتە گۆرانی،
زەمەن لە موتڵەقیەتی ئەنفال بسێنیتەوە و
بیکەیت بە کراسی ژنە گەرمیانییەکی موعتاد بە
چاوەڕوانی،
باران ڕابگریت و هەیوانی هەژاری لە فرمێسک
وشک ببێتەوە.
**تۆ دەتوانیت..**
هیچیش نەکەیت، دنیا بەو غروورەت لێوڕێژبێت لە
دڵنیایی،
عەجولیی منیش ببەخشیت کە هەموو کات
دەتخاتەوە سەر کەڵکەڵەی ئەزیەت کێشان..

٢٠١٥